# پێشوازیەکی گەورە، لە کۆنگرەی ئازادی عیراق لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرا

# ڕێکەوتن لەسەر گرێدانی کۆنگرە بۆ ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری عیراق وئەمەریکا لە مانگی ئایاری 2007




کۆنگرەی " کرێکارانی ئەمەریکا دژی شەڕن" USLAW پێشوازی یەکی گەرم وبەشۆرو شەوقیان لە ووتاری سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق کرد، بەجۆرێک کە چەند جار ووتارەکەیان بە چەپڵە پێ بڕی.

لەسەر بانگەوازی ڕابەرایەتی ڕێکخراوی" کرێکارانی ئەمەریکا دژی شەڕن" سەمیر عادل ئامادەی کۆنگرە بوو، کە 140یەکێتی گشتی وسەندیکای کرێکاری لەخۆگرتووە ونوێنەرایەتی زیاتر لە 15ملیۆن کرێکار دەکات.هەروەها ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بەشکست هێنانی پارتی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایی یە، بۆ بەدەست هێنانی زۆرایەتی لە کۆنگرێس وئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکی.شایانی باس کردنە، کە ڕێکخراوی ناوبراو، بە گەورەترین وبەهێزترین ڕێکخراوەکانی دژ بە جەنگ دادەنرێت لە ئەمەریکا، وە لەمانگی حوزەیرانی ئەم ساڵدا لە ڕاگەیاندێکیاندا، پشتیوانی وهاوپشتی خۆیان ڕایانگەیاند لە کۆنگرەی ئازادی عیراق.کۆنگرەی ناوبراو سێ یەمین کۆنگرەیە لەدژی جەنگی عیراق، سەدان نوێنەری یەکێتی یەکرێکاریەکان لە ئاستی ئەمریکا ئامادەی کۆنگرە بوون، هەروەها نوێنەری دەیان ڕێکخراوی دژ بە شەڕو داگیرکاری عیراق ئامادەی بوون.کۆنگرە دەنگی دا بە زۆرێک لە بڕیاری گرنگ بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی دژ بە جەنگ بۆ سەر عیراق ، لەوانە بڕیارلەسەر پاڵپشتی تەواو لە بزووتنەوەی کرێکاری ورزگاری خوازی لەعیراق ، کە کۆنگرەی ئازادی عیراقیش لە خۆیدا دەگرێت.

کۆنگره 3ڕۆژی خایاند،که ڕۆژی دووهم خۆپیشاندانێکی گهوره له دژی جهنگ کراو،سهمیر عادل تێدا ووتارێکی تێدا پێشکهش کرد،و تێدا جهختی کرد لهسهر شکست هێنانی پارتی کۆماری له ههڵبژاردنهکانی دوایی دا ،و ڕۆڵی بزووتنهوهی کرێکاری وڕزگاری خوازی له قۆناغی داهاتوودا.لهههمان ڕۆژدا سهمیر عادل ووتارێکی 20دهقیقهیی پێشکهش کرد لهپاڵ جۆن راین سکرتێری ڕاپهڕندنی یهکێتی کرێکارانی باکوور وکلایلۆه بروان سهرۆکی پهیمانگای فلیپ راندۆ وجۆن ولیام سهرۆکی بهشی کرێکارانی تهندروستی ودنیس کۆجن ئهندامی کۆنگرێسی ئهمهریکی له ویلایهتی ئۆهایۆ وسندی شیهان دامهزرێنهری خێزانی ئهستێرهی زێرین لهپێناو ئاشتی.لهڕۆژی 3یه می کۆنگرهدا،سمینارێکی پێشکهش کرد لهسهر بهرنامهکاروکاری کۆنگرهی ئازادی عیراق.کهتێیدا قسهی لهسهر پێکهێنانی هێزی ئهمان ودامهزراندنی کهناڵی ئاسمانی کۆنگره کردو سهرنجی ڕابهرانی بزووتنهوهی کرێکاری ڕاکێشا.

ئامادهبوون وووتارهکانی سهمیر عادل پێشوازی گهورهی لێ کرا به پشتیوانی و پشتگیری له کۆنگرهی ئازادی عیراق ،وه ههندێک له دیداروچاوپێکهوتن وکۆبونهوهی لاوهکی تێدا هاته گرێدان دهربارهی کۆنگرهی ئازادی عیراق وچۆنیهتی کۆمهک کردنی کۆنگره به ماددی ومهعنهوی.

کۆبوونهوه له نێوان ڕابهرانی ڕێکخراوی" کرێکارانی ئهمهریکا دژی شهڕن" وسهمیر عادل هاتنه گرێدان وتێیاندا باس له ههل ومهرجی بزووتنهوهی کرێکاری لهعیراق وڕێگریهکانی که دێنه بهردهمی وشهڕی تایهفی کرا.له کۆبوونهوهکهدا ڕێکهوتن کرا لهسهر گرتنی کۆنگرهیهک بۆ ڕابهرانی بزووتنهوهی کرێکاری له عیراق و ووڵاتهیهکگرتووهکانی ئهمهریکا ،بهبهشداری نوێنهرانی ووڵاتانی ئهوروپا و ئاسیا .کۆنگره ڕێکخستنی ڕیزهکانی بزووتنهوهی کرێکاری له ههردوو ووڵات دژ به جهنگ وداگیرکاری وبههێزکردنی هاوپشتی ولێکۆڵینهوه له ڕێگریهکانی بهردهم گهشهی بزووتنهوهی کرێکاری بکرێ ورێگاچارهیان بۆ بدۆزرێتهوه.بهشێوهیهکی مهبدهئی مانگی ئایاری داهاتوو ،لهعهمانی پایتهختی ئهردهن دانرا بۆ بهستنی ئهو کۆنگرهیه.وه کۆنگرهی ئازادی عیراق ڕۆڵی زیندوو ی دهبێت له بهستنی کۆنگرهی ناوبرادا.

**ناوهندی ڕاگهیاندنی**

**کۆنگرهی ئازادی عیراق**

**5ی کانوونی دووهمی** 2006